خراپترینی خەڵکی ئەوانەن کە زیندوون کاتێک قیامەت ڕووەدات، وئەوانەیش کە گۆڕەکان دەکەن بە مزگەوت -شوێنی پەرستن-

لە عبداللەی کوڕی مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «خراپترینی خەڵکی ئەوانەن کە زیندوون کاتێک قیامەت ڕووەدات، وئەوانەیش کە گۆڕەکان دەکەن بە مزگەوت -شوێنی پەرستن-».

[حەسەن - باش)] [(أحمد) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە خراپترینی نێو خەڵکی دوو چینن: ئەوانەی زیندوون کاتێك قیامەت ڕووەدات، وئەوانەیش کە لای گۆڕەکان دەکەن بە شوێنی پەرستن، ونوێژ لەلای یان لەبەرامبەریان دەکەن.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3375